# بۆ داواکردنی مافەکانتان شوێنپێی ژنانی ئەفغانستان هەڵبگرنەوە



له باشووری كوردستاندا دەیان ڕێکخراوی ژنان هەن، لەنێو شارەکاندا بنکەو بارەگا، ڕۆژنامە، گۆڤار و رادیۆیان هەیە، گوایە بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی مێینە تێدەکۆشن، باس لە بەرابەری و یەکسانی دەکەن، بەڵام نەیانتوانیوە ستەمەکانی سەر ژن کەم بکەنەوە، نەیانتوانیەوە ڕێ لە خۆسووتاندن و ژنکوشتن بگرن. خۆیان ڕاوەستاون و چاویان لە دەستی پیاوانە کە مافەکانیان بۆ بگێڕنەوە، خوازیارن کە حیزبەکان پۆست و پلەی حیزبی و حکومیان پێبدەن. لەهەموو هەڵبژاردنەکانیشدا بێپەروا بەشداریان لە هەڵمەت و بانگەشەی هەڵبژاردن کردووەو باسیان لە پێشکەوتوویی حیزبەکان کردووەو دەنگیان بۆ کۆکردوونەتەوە. کەچی هەوڵی تەکاندنی تۆزی سەر پەروەندەی قوربانیانەکان نەداوە.

لە ماوەی ٢٤ساڵی ڕابردوو، دەیان و سەدان کارەساتی قێزەوەن دژ بە کچان و ژنانی کوردستان ئەنجام دراون، چەندین ژن بە ناڕەوا کوژراون و گیانیان لێسەندراوەتەوە، دوعاکان بەبەرچاوی پۆلیس و یاساو دادگاکانەوە دەکوژرێن، بەردباران دەکرێن و دەسووتێندرێن، ئەشکەنجە دەدرێن و تەرمەکانیان لە چۆلەوانی فڕێ دەدرێن، کەچی ژنانی کوردستان چاویان لە هیمەتی پیاوانە ئەو زوڵم و ستەمانە کۆتابکەن!!

کاتێک ژنێک دەکوژرێ، بەرپرسانی کوردستان بەڵێنی دۆزینەوەی بکوژرەکان دەدەن، دواتر هەر خۆیان داڵدەیان دەدەن و دەیانپارێزن. ئەگەر دەداوی پۆلیسیش بکەون و ڕاپێچی بەردەم دادگە بکرێن، سەرەنجام گومان لە ئەنجامدانی تاوانەکە دەهێنرێتە گۆڕێ، یان ئازاد دەکرێن یان لە زیندان بە ئاسوودەیی لێیرادەکشێن و چاوەڕوانی لێبووردنی گشتی دەکەن.

زێدەڕۆیی نیە ئەگەر بگوترێ لە کوردستانی خۆماندا، دەیان و سەدان لیژنە بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانی کوشتنی ژنان و ڕۆژنامەنووسان و سیاسیەکان پێکهێنراون و ئاکامەکانیشیان ڕوون نەکراونەتەوە. هەندێکجار بنەماڵەی قوربانیەکان ناچار دەکرێن کە بە سولحی عەشایەری لەبەرانبەر بڕێک پارە ڕێکبکەون و لە تاوانبارەکە خۆشببن. هەڵبەت ئەوە بۆ بێتوانایی دەستەڵاتت دادوەری دەگەڕێتەوە، بەڵام ژنان خۆشیان تێیدا کەمتەرخەمن و ئەو کێشانە بە هێند وەرناگرن و بەدواداوچوونیان بۆ ناکەن.

لە ڕۆژی ١٩ی ئازاری ئەمساڵدا، لە وڵاتی ئەفغانستادا کچێک بەناوی 'فەرخوندە' بەهۆی ئەوەی کە دژی دوعانووسان بوو، تۆمەتی سوتاندنی قورئانی درایە پاڵ، بە شێوەیەکی دڕندانە بەبەرچاوی پۆلیسەوە کوژراو، تاوانباران بەوەندەش ڕانەوەستان جەستەکەیان سووتاند. ئەو کارەساتە هەموو ژنانی ئەفغانستانی هێنایە سەر شەقام، ناڕەزایی، ڕێپێوان و خۆپێشاندان دەستی پێکرد، هەر بۆیە لە ڕۆژی دوایی سەرکۆماری ئەفغانستان بڕیاری دا کە لیژنەیەکی تایبەت پێکبهێنرێ و بەدواداچوون بۆ کارەساتەکە بکات. سێ ڕۆژ دواتر لە کاتی بەخاک سپاردنی تەرمی 'فەرخوندە' دا ژنان خۆیان تەرمەکەیان هەڵگرت و بۆ گۆڕستانیان بردو بە خاکیان سپارد. نۆ ڕۆژ دواتر بیست و هەشت تۆمەتبار دەستگیر کران. دواتر ژمارەی تۆمەتباران گەیشتە پەنجا نەفەر. ئاکامی لیژنەکە زۆری نەکێشا، دوای ٤٤ ڕۆژ هەر پەنجا تۆمەتبارەکە بە ئاشکرا دادگەیی کران، هەروەها ئەو مەلایەی کە دوای کوژرانی فەرخوندە داکۆکی لە کوشتنەکە کردبوو، لەسەر کارەکەی دوورخرایە، ئەو مەلایە لەبەردەم مێدیاکاندا داوای بووردن و بەخشینی کردو لە داکۆکیکردنەکەی پەشیمان بۆوە .کار بەوەش کۆتایی نەهات، دەوڵەتی ئەفغانستان هەموو ئەو شوێنانەی داخست کە دوعایان تێدا دەنووسرا و خەڵکیان تێدا فریو دەدرا. ئەو مزگەوتەش داخرا کە لە تاوانەکەی تێدا ئەنجام درابوو. هەروەها شەقامێکی گەورە لە کابول بەناوی فەرخوندەوە ناونرا. لەلایەکی دیکەوە دەیان ئەفسەرو سەربازو پۆلیس ڕەوانەی ماڵەوە کرانەوەو پۆستەکانیان لێسەندرایەوەو دەرکران.

ئیدی ژنانی ئەفغانستان بە یەکگرتوویی و تێکۆشانی خۆیان حکومەتی وڵاتەکەیان ناچارکرد کە تاوانباران بە سزا بگەیەنێ.

لەوانەیە بەهۆی هەبوون و باڵادەستبوونی هێزی پاشڤەڕۆ لە ئەفغانستاندا گوشارەکانی سەر ژنانی ئەفغانستان بەبەراورد بە ژنانی کوردستان زیاتر بێ، هەروەها ژنانی ئەفغانستان ناچار دەکرێن کە سەرپۆش بپۆشن و ڕێی ئەوەشیان نەبێ وەک ژنانی کوردستان بە ئازادی لە بازاڕ بسوڕێنەوە و گەشت و سەیران بکەن، بەڵام وەک دەبیندرێ کە ژنانی ئەفغانستان لە تێکۆشانی خۆیاندا چالاک و کاراترن، هەر بۆیە دەبێ ژنانی کوردستان چاوێک بە خۆیان و ڕەوشی ڕێکخراوەکانیان بخشێننەوە، دەبێ لەبەرانبەر بوێری و ئازایەتی ژنانی ئەفغانستان هەڵوێستە بکەن و بیر لە داهاتووی خۆیان بکەنەوە.

ڕاستە ژنانی کوردستان لە کۆبانێ و ڕۆژئاوای کوردستاندا بوونی خۆیان سەلماند و ناسنامەی خۆیان وەدەستهێنایەوە، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە کە ژنانی باشووریش واز لە پاشکۆیەتی بهێنن و ڕێکخراوی ڕاستینی خۆیان پێکبهێنن و پارێزگاری لە خۆیان بکەن.

**کاردۆ سیپان**

# لاوان لەنێوان وەرگرتن و دانەوەی قەرزی بچووکدا



بۆ دەدربازبوون و تێپەڕاندنی بێکاری لە باشووری کوردستاندا، قەرزی بچووک هێنرایە گۆڕێ. بەگوێرەی زانیاریەکان تا ئێستا نزیکەی ٧٥٠٠ کەس قەرزی بچووکیان وەرگرتووە.

هەرچەندە بەمەبەستی تێپەڕاندنی بێکاری، پێدانی قەرزی بچووک دەستپێکردووە، بەڵام شوێنی نیشتەجێبوون، تەمەن، بێکاربوون و کەمتوانایی دارایی کراونەتەوە پێشمەرج و بەوێنەی دیوار هەڵچنراوە. بێگومان بوونی مەرج خۆی لەخۆیدا ڕێگری لەبەردەم پرۆسەکە دروست کردووە، بەڵام سەیرە، ئەوەی لە ناوەخۆی هەرێم دانەنیشێ و تەمەنی لەنێوان (١٦ تا ٣٥) ساڵدا نەبێ لە وەرگرتنی قەرزەکە بێبەش بکرێ! بەواتایێکی دیکە ئەگەر کوردستانییێک توانای داراییشی لاواز بێ، بڕوانامەیشی هەبێ و بێکاریش بێ، بەڵام ٣٥ بەهاری تەمەنی تێپەڕاندبێ، ئیدی دەکەوێتە دەرەوەی بازنەکەو قەرەزەکەی پێنادرێ.

پرۆسەکە ناوی قەرزی بچووکە، واتە پارەیەکی کەم دەدرێ، لەوانەیە وەرگر بە خستنەگەڕی ئەو پارەیە نەتوانێ بژێوی ڕۆژانەی خۆی دابین، بەڵام دیسانیشەوە دەبی بیر لە دانەوەی بکاتەوە.

لەهەفتەی ڕابردوودا بۆ تاوتوێکردنی دانەوە، یان وەرگرتنەوەی قەرزە لەوانەی کە وەریان گرتووە، وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێم کۆبوونەوەی تایبەتی کرد و بڕیاریدا کە میکانیزمی گونجاو بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکە هەڵبگرێتەوە! دەگوترێ: وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، لە پێناو بەرژەوەندی هاوڵاتیاندا بڕیاری داوە ئەو پشکانەی لەسەر قەرزوەرگرە، دەبێ لە ماوەی سێ ڕۆژ لە بەرواری دەستپێکردنی مافداریەکە بگەڕێنێتەوە، لەکاتی دواکەوتنیدا ناچار دەکرێ کە بۆ هەر ڕۆژێک لە پازدە ڕۆژی یەکەمی دواکەوتندا سێ هەزار دینار ببژێرێ. هەروەها پێژماردنی پێنج هەزار دینار لە جیاتی هەر ڕۆژێکی دواکەوتنی لە ١٥ ڕۆژەکانی دواتردا!

لە هەڵسەنگاندنی ئەو بڕیارەی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتیدا دەگەینە ئەو ئاکامەی کە بارێکی گران لەسەر شانی قەرزوەرگر داندراوە.

هەڵبەت قازانکردن لە ڕەوشێکی ئابووری خراپی وەک ئەوەی ئێستا کە هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەڕ دەبێ، نەک هەر دانەوەی قەرزەکە سەختە، بەڵکو قازانجکردن یەکجار زەحمەتە. بەوهۆیەوە قەرزوەرگر ڕووبەڕووی کێشەیەکی دیکە دەکرێتەوە.

دانەمەزراندنی بەشێکی زۆر لە دەرچووانی زانکۆ، پەیمانگە و ئامادەییەکان، پانتایی بێکاری بەرفراوانتر کردووە، ئەوەش وایکردووە کە لاوان پەنا بۆ قەرزی بچووک ببەن، هەروەها بەهۆی مەرجەکانیشەوە هەندێکیان ناچارن کە ڕوو لە حیزبە دەستەڵاتدارەکان بکەن و خۆیان لە ڕیزەکانی ئەواندا ناونووس بکەن. بەتایبەتیش کاتێک دەرچوویەکی زانکۆ ناچار دەبێ کە پاسەوانی بارەگا و بەرپرسان پەسند بکات، ئیدی هەموو دەروازەیەکی داهێنان لە سەر خۆیدا دادەخات و تواناکانی دادەچۆڕێنێ.

ڕاستیەکەی ئەگەر مەبەست کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری و تێپەڕاندنی هەژاری و نەداری بێ، دەبێ حکومەت بیر لە دامەزراندن و کردنەوەی کارگەو کارخانەی بەرهەمهێن بکاتەوە. دەبێ لەجیاتی قەرز، حکومەت بۆ خۆی باروبووی ئەو کەسانە بکات کە دەیانەوێ بە پرۆژەی بەرهەمهێن لەسەر پێی خۆیان ڕابوەستن. ئەگەر مەبەست هاوکاری کردنی گەنج و لاوانی خاوەن بڕوانامەیە، دەبێ قەرزی گەورەتر تەرخان بکرێ و دەرگەیەکی دیکە بە ڕووی تواناکانیادا بکرێتەوە.

بەهەرحاڵ ناکرێ بگوترێ ئەوەی ئێستا سوودی نەبووەو لە بەرژەوەند دانیە، بەڵام بەو برە پارە کەمە، بەو مەرجانەی کە داندراون و بە میکانیزمی وەرگرتنەوەی قەرزەکە، زیانێکی گەورە بە لاوان دەگات، لەوانەیە لە داهاتوودا کێشەیەکی گەورەتر بۆ قەرزوەرگرو خێزانەکانیان دروست بکات. بۆیە هەتا کێشەکان گەورەتر نەبوونە و تەنگیان بە لاوان هەڵنەچنیووە، باشترە کە حکومەت پرسو ڕاوێژ بە پسپۆڕان بکات وسود لە ئەزموونی وڵاتانی ڕۆژئاوا وەربگرێ.

**شەماڵ نەجات**

# بژێوی خانەنشینان بەرەو ڕەوشێکی نالەبار دەڕوات



ئێستا زۆر بە ڕاشکاوانە دەگوترێ کە مووچەی خانەنشینی بەشی بژێوی خانەنیشینان ناکات، ڕۆژ دوای ڕۆژ ناچارتر دەبن و بەرەو ژێر هێڵی هەژاری دەڕۆن.

مرۆڤێک ئەگەر تەمەنی خۆی لەبواری پەروەردەیی، سەربازی و خزمەتگوزاری دا تەرخان کردبێ و خانەنشین کرابێ، ئیتر بەو مووچەیەی کە ئێستا بەناوی خانەنشینیەوە وەریدەگرێ، ناتوانێ هەناسەی ئۆخەی هەڵبکێشێ و ئارام لە ماڵ دابنیشێ، بۆیە زۆربەی خانەنشینان ناچارن بە دوای سەرچاوەی دیکەی داهاتدا بگەڕێن.

هەموومان دەزانین که چەندین نەخۆشی لە مرۆڤی بەساڵاچوو دەئالێن و بەرۆکی لێدەگرن. خانەنشینێک ئەگەر لە خانووی کرێدا بژی، لەوانەیە مووچەکەی بەس بەشی کرێ بکات، ئیدی بۆ بژێوی ڕۆژانەی پێویست دەبێ. خانەنشینێک ئەگەر نەخۆشی بەردەوامی هەبێ، لەوانەیە مووچەکەی بەس بەشی دەرمانەکانی بکەن، ئیدی بۆ خواردن پێویستی بە دیتران دەبێ. خانەنشینێک ئەگەر هاوسەرەکەی نەخۆش بکەوێ، لەوانەیە هەموو مووچەکەی لە ڕێی پزیشک و دەرمان خەرج بکات، ئەوکاتە بۆ بژێوی ڕۆژانەی پێویستی بە کەسانی دیکە دەبێ.

وێڕای هەموو ئەوانەشەوە بەهۆی ڕەوشی بێسەروبەری دارایی حکومەتی هەرێم، ئەوە ساڵێکە کە خانەنشینان بە درەنگەوە مووچەکانیان وەردەگرن، ئەوەش گرفتی دیکەی بۆ دروست کردوون. بۆیە دەبێ بەرپرسان و لایەنی پەیوەندیدار زۆر بە ڕاستگۆیی بیر لە بژێوی خانەنشینان بکەنەوە. هەقە وەزارەتی دارایی بەر لەهەمووان مووچەی ئەوان دابەش بکات. هیچ ڕەوا نیە کە بەرپرسانی حکومەتێک بایەخ بە بژێوی ئەو مرۆڤانە نەدەن کە سەردەمانێک خزمەتیان کردووە و ئەوانیان پێگەیاندووە و بۆ ئاوەدانی وڵات تێکۆشاون. زۆر ناڕەوایە کە خانەنشینان فەرامۆش بکرێن و بایەخ بە بژێویان نەدرێ. بۆ ئەوەی هەمووان لە داهاتووی خۆیان دڵنیا بن، دەبێ بیر لە خانەنشیان بکرێتەوە.

**هەوراز شوانی**